


# لەنیوە شەوێکدا بە بێ دەنگی سەری خۆم هەڵدەگرم

شارا

بەشی دووەم و کۆتایی

ئەو شەوەی لەماڵ وەدەرکەوتم، هەزاران نیگەرانی و دڵەڕاوکێ وەکو باهۆز لەخۆیان لوول دابووم، نەمدەزانی چ چارەنووسێک باوەشم بۆ دەگرێتەوە، بەڵام دڵم بەوە خۆشبوو کە ناوونا تۆرەی رەدوکەوتن و ئابڕووچوون بۆ بنەماڵەکەم نامێنتەوە. من ئەسپی خۆم بە توونـدی داکوتابوو، دەشمزانی کەسێک توانای ئەوەی نیە بە دوای من دا بچێتە شاخ و سۆراغم بکات. من بیستبووم کە کچان دەبنە گەریلاو نادۆزرێنەوە.

شەو کە لەماڵ هاتمە دەرێ بەرەو ئەو شوێنە رۆیشتم کە بۆیان دیاری کردبووم، زۆر لەوێ رانەوەستام، سۆپەرێک هات و سوار بووم، من تەنیا نەبووم جگە لەو کەسەی کە دەبوایە کارمان بۆ بدۆزێتەوە دوو کچی دیکەشم لەگەڵ دابوون، هەر بەو شەوە بەڕێ کەوتین، بەیانی زوو گەیشتینە سەر سنوور، مۆڵەتی پەڕینەوەمان بۆ ئامادەکرابوو، زۆر بەخێرایی لە سنوور هاودیو بووین.

ئەو رۆژە زۆر ماندووبووین، ئێوارەکەی گەیشتینە شاری ورمێ کە شارێکی جوان و دڵگیرە، بە رەزو باخ ودەریاو کێو دەورە دراوە، من حەزم دەکرد لەو شارەدا کارێکم بۆ پەیدا بکرێ، بەڵام کابرای رێبەر سەرێکی باداو تێیگەیاندین کە هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە هەوار.

ماوەی دوو رۆژ لە شاری ورمێ ماینەوە، ئێمە هەر سێ کچەکە لەگەڵ ژنی ئەو ماڵە دا دەچووینە بازاڕ، جیاوازی زۆری لەگەڵ شارەکەی ئێمەدا هەبوو، شەقام و باڵاخانەکانی رازاوەو پاک بوون. شەوی سێهەم ماشێنێکیان هێنا، سواربووین و بەرەو سنوور بەڕێ کەوتین، شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاوبوو، بە پێی لە سنوور پەڕینەوە، ماوەی دوو سەعات بە کێوێکی سەخت دا رۆیشتین، دوایی لە گوندێکی لاچەپ گیرساینەوە. هەر ئەو رۆژە بە دۆڵمیش (سەیارەی ستێشن) بەرێ کەوتین ،

دوای ٢٠ سەعات گەیشتینە ئیستەنبۆل. ئێمە نەک هەر شاگەشکە ببووین، راستیەکەی تەواو سەرسام ببووین، تا ئەو کاتە شاری لەو بابەتەمان نەبینی بوو، کاکی رێبەر بە درێژای ئەو رۆژە ئێمەی لە ئیستەنبۆل گێڕا و شوێنەکانی پێشان داین. رۆژی دواتر بەرە شوێنی کارکردن رۆیشتین، ئێمە هەر سێکمان دەمانویست بەیەکەوە کار بکەین، بەڵام کار دەست نەدەکەوت. کاکی رێبەر هەولی دەدا لە هۆتێل یان رێستۆران یان کافێتریا کارمان پێبکات، بەڵام ئێمە ئەو کارانەمان رەت کردەوە، دەمانزانی داهاتووێکی خراپی دەبێ، سەرەنجام هەر سێکمان لە کارگەیەکی درومان دامەزراین.

ئێمە پێشتر لەگەڵ ئەو باندە رێککەوتبووین کە مانگانە پەنجا دۆلارمان بدەنێ، ئیتر ئەوان کەیفی خۆیان بوو چۆن لەگەڵ خاوەن کارگە رێک دەکەون. ئاخر ئەو کاتە پەنجا دۆلار بەلای ئێمەوە یەکجار زۆر بوو! ماوەی شەش مانگ بەو شێوەیە کارمان کرد، ژەمی فراوینمان لەسەر خاوەن کارگە بوو، بەڵام کرێی خانوو، ژەمەکانی دیکە لەسەر خۆمان بوو، پەنجا دۆلار بەشی هیچی نەدەکرد، بەڵام کابرای رێبەر چاکەیەکی لەگەڵ دا کردبووم، پێشوەخت سەد دۆلاری پێدابووم، منیش لەگەڵ نامەکەدا بۆ ماڵەوەم جێهێشتبوو، ئەمەش بەڵگەیەکی باش بوو کە پێم باوەڕ بکەن کە بوومەتە گەریلا. ئاخر لە ناو خەڵک دا وا بڵاو ببۆوە کە پارت زۆر دەوڵەمەندە، مارک و گەڵا بە بنەماڵەی گەریلا دەدات!

لە ماوەی ئەوە شەش مانگەدا نەمتوانی پەنجا دیناریش بۆ ماڵەوە رەوانە بکەمەوە. من هاتبووم بژێوی ماڵەوە دابین بکەم، بەڵام نان و زگ کارمان دەکرد، تەنیا ماندووبوونمان بۆ دەمایەوە. من هەوڵم دەدا رێگە چارەیەکی دیکە بدۆزمەوەو خۆم لەدەست ئەو باندە رزگار بکەم. ئێمە دەمانزانی کە مانگانەی ئێمە زۆر لەوە زیاترە کە پێمان دەدەن. ئەو ماوەیە فێری تورکی ببووین، ئیتر دەمانتوانی بەڕی خۆمان لە ئاوێ دەربکەین، رۆژێکیان سەبارەت بە مانگانەی خۆمان پرسیام لە خاوەن کارگەکەم کرد کە ژنێکی قەڵەوی باڵابەرزی تووڕەو توونـد بوو، ئەو دڵسۆزانە وەڵامی دامەوەو پێیگوتم:" ئێمە دەزانین کە فلان کەس کەمتان پێ دەدات! بەڵام ئێوە خۆتان ئاوا لەگەڵی رێککەوتوون، ئەمە گوناهی ئێمەی تێدا نیە" قسەی ئەو ژنە لەمێشکم گیر بوو، خۆم بە دیل و کۆیلە هاتە بەرچاو. شەوانە سەبارەت بەو مەسەلەیە لەگەڵ یەکتردا دەدواین، یەکێک لە هاوڕێکانمان دەم هەراش و دەم پەل بوو، گلەیی و گازاندەکانی ئێمەی بە ئەندامانی ئەو باندە گەیاندبوو کە ئێمەیان لەسەر کار دامەزراندبوو، ئیدی ترسی ئەوەیان لێ نیشت نەوەکو ئێمە رابکەین، یان خۆمان کارێکی دیکە بدۆزینەوە. بۆیە جار جارە دەهاتنە لامان و بە سنووربداش کردنەوە دەیان ترساندین. راستیەکەی ئەوان بە رێککەوتن ئێمەیان هێنابوو، تا لە تورکیا کارمان بکرایە، دەبوایە تەنیا پەنجا دۆلار بۆ خۆمان بێ، بەوهۆیەشەوە لە مانگەکانی کۆتاییدا لە کارکردن سارد ببووینەوە، بەڵام لەوە دەترساین خراپمان بەسەر بێنن، ئاخر ئێمە خۆمان بە بێدەستەڵات دەهاتە بەرچاو. بەهۆی مانەوەو کارکردن و تێکەڵاویمان لەگەڵ خەڵکی ئیستەنبۆل هەستمان بە ئازادی زیاتر دەکرد، ژنانی ئەوێ وەکو ئێمە نەبوون، بێ ترس لە شەقامەکان دا دەسوڕانەوە، بەتەنیا دەچوونە رێستۆران و سینەما، بەتەنیا پیاسەیان دەکرد، بەدڵی خۆیان جل و بەرگیان دەپۆشی، ئیتر ئێمەس چاومان کرابۆوە، چاکەو خراپەی خۆمان ناسی بوو. رۆژێکیان خێزانێکی شارەکەی خۆمانم ناسی کە بەمەبەستی دەرچوون هاتبووە ئیستەنبۆل، پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوان خۆش کرد، سەردانمان دەکردن. ئەوان ژن و مێردێکی گەنج بوون، چاوەڕوانی وەجبەیان دەکرد کە بەرەو یۆنان بڕۆن، من خۆم لەگەڵ ئەوان گرێدا، هاوکارەکانم دەترسان بگیرێن و سنووربداش بکرێنەوەو لەلایەن کەسوکاریانەوە دووچاری گرفت ببنەوە، بەڵام من بێباک بووم، لەلایەکەوە ئەوان بەڵێنیان پێدابووم کە بە پارە هاوکاریم بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە لە سنووربداش کردنەوەدا بێمنەت بووم، بەوهۆیەوە گەڵاڵەی رۆیشتنم داڕشت. سەرەنجام کاتی دیاریکراو هات، من خۆم لە کارگە دزیەوەو گەیشتمە لایان، ئیدی بەڕێ کەوتین، من نامەوێ ئازارو ماندبوونی ئەو رێگەیە بگێڕمەوە . هەرهێندە دەڵێم دوای دە رۆژ رۆیشتن گەیشتینە ئەسینا.

من تا ماوم چاکەی ئەو خوشک و برایە لە بیر ناکەم کە منیان لەگەڵ خۆیان دا گەیاندە یۆنان، ئیدی لەوێوە خۆم لە ئۆردوگەی پەنابەران دیتەوە، شوێنی حەوانەوەو خواردنمان مسۆگەر کرد، بەڵام ئەوێ وێستگەی حەسانەوە بوو، نەک شوێنی مانەوەی یەکجاری. ئۆردوگە چەند چادرێکی خاچی سوور بوو، سەدان ئاوارەی جۆراوجۆری تێدابوو. کوڕێکی رۆژهەڵاتی گیرۆدەم ببوو، خۆشی دەیوستم، دەیویست پەیمانی خۆشەویستی لەگەڵدا ببەستم، بەڵام من رەتم دەکردەوە، سەرەنجام ئەو خوشک و برایەم پێشنیاریان بۆ کردم کە بەڵێنی پێبدەم، هەرکاتێ گەیشتینە وڵاتێکی ئەوروپا ئاگاداری ماڵەوە بکەمەوەو شووی پێبکەم. راستیەکەی ئەمە بۆ من قورس بوو. سەرەنجام رێککەوتین تا رەزامەندی ماڵەوەی لەسەر نەبێ و هەردووکمان نەچینەوە کوردستان زەماوەند نەکەین. دوای سێ مانگ مانەوە لە ئۆردوگە بەهاوکاری خوشک و برا و دەستگیرانەکەم، گەیشتینە ئیتالیا، دواتر بەرەو وڵاتێکی باشتر.

کاتێ بەخۆشی هەرچوارمان لە وڵاتێک گیرساینەوەو ئیقامەمان وەگرت، نامە و دیاریم بۆ ماڵەوە ناردەوە. بۆم نووسیبووم کە گەریلاکان منیان گەیاندۆتە ئەوروپا، هەر کاتێ پەساپۆرتم وەرگرت، دەگەڕێمەوە کوردستان. سەرەنجام دوای حەوت مانگ من و دەستگیرانەکەم گەڕاینەوە کوردستان، ماڵەوەمان رەزامەندیان پێشان دا ئیدی زەماوەندمان کرد، ئێستا کوڕو کچێکمان هەیە.



# سەبارەت بە مافە کۆمەڵایەتیەکانی ژنان

نەشمیل کەریم

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی زیندووی بەرنامەدارە، لە ژیانی خۆیدا ناچارە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی دروست بکات و پەرەیان پێبدات، بەوهۆیەشەوە ناسنامەی مرۆڤبوونی خۆی پێشان دەدات .

بێگومان بە تێپەربوونی کات پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان گۆرانکارابیان بەسەر دادێ، پێشکەوتنی بەرچاو لە ناسنامەی مرۆڤبوون ئاشکرا دەبێ. ئەمەش هۆکارێکە تا مرۆڤ رۆژانە لە ژیانی خۆیدا لێکدانەوەو رامان و بۆچوونی نوێ و پێشکەوتووتر مسۆگەر بکات.

لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا نێرو مێ شان بە شانی یەکتر دەژین، پێوەندی دروست دەکەن و تێدەکۆشن، خاوەن پێگەو تواناو شیانی خۆیانن. ئەگەر مرۆڤ لەسەر دوو لنگ دا هەنگاو بهاوێژێ و رێ بکات، ئەوە کۆمەڵگەش لەسەر هەردوو قاچی کە رەگەزی نێرو مێریە راوەستاوە، گەشە دەکات و درێژە بە کاروانی خۆی دەدات. ئەگەر ئەو دووانەش هاوتاو، هاوسەنگ و یەکسان نەبن کۆمەڵگە دەلەنگێ و خواروخێچ بەرێگەدا دەروات. واتە ئەگەر لە بواری کۆمەڵایەتیدا مافی وەکهەڤیان نەبێ، تەرازووێ کۆمەڵگە لاسەنگ دەبێ، هەنگاوەکانی بەرەوپێشەوەچوونی سست و لاواز دەبێ. هەڵبەت کاتێک کۆمەڵگە بەتواناو لێهاتوو، لێزان و بەختەوەر دەبێ کە نێرو مێ وەکو یەک پێوانە بکرێن، جیاوازی لەنێوان مافەکانیان دا نەکرێ. گرنگ ئەوەیە کە فەرمانرەوایان و سیستەمی حوکمرانی یەکسانی و وەکهەڤی بۆ هەمووان برەخسێنن.

ئەگەر سەیری مێژووی دوورو نزیکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین، دەبینین لە زۆربەی کاتەکان دا مافەکانی ژنان پێشێل کراون، هێرشیان کراوەتەسەرو بەکەم سەیریان کراوە، ئەمەش وایکردووە کە بزاڤی ژنان بجۆشێ و رەوتی مێژوو بگۆرێ.

ئێستا جولانەوەیەکی بەرفراوانی ژنان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرێوەیە، بۆ گێرانەوەی مافە کۆمەڵایەتیەکانی ژنان رێی گرتووەو هەرگیز بەرەو دواوە ناگەرێتەوە.

ئەگەر بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگەی کوردەواریش جولانەوەیەکی بەرفراوانی ژنان سەری هەڵنەدابێ، بەڵام ژنانی ناودار هەڵکەوتوون، لە بوارەکانی رۆشنبیری، نەتەوایەتی و سوارچاکیدا قارەمانیتی خۆیان سەلماندووە. ژنانی کوردستان شانازی بە مەستورەو قەدەمخێرو مارگرێت و لەیلا قاسم و زیلان و زەکیە ئالکان و دەیانی دیکە دەکەن.

ئەگەر بەرچاوتەنگی پیاوان و مێشک وشکی و دواکەوتوویی هزری چەقبەستووی ئایینی نەبوایە، بێگومان ئێستا ژنانی کوردستان هەنگاوی گەورەتریان هەڵێنابۆوە. ئەگەر لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا پیاوان چەوسانەوەی نەتەوەییان لەسەر بوبێ و بۆ رزگاری و سەربەخۆیی و پساندنی زنجیری کۆیلایەتی تێکۆشابن، ئەوە ژنانی کوردستان دوو ستەمیان لەسەر بووە، هاوکات لەگەڵ ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی داب و نەریتی کۆمەڵگەو دەستەڵاتی پیاوانی کوردستانیشیان لەسەر بووە، هاوکات پێویستیان بە دوو جۆرە خەبات هەبووە، خەبات بۆ پساندنی ئەو کۆت و زنجیرەی کە داگیرکەران دایانهێناوە، تێکۆشان بۆ پساندنی ئەو کۆت و زنجیرەی کە داب و نەریتی دواکەوتوویی و کۆنەپارێزی کۆمەڵگەو پیاوان دایان هێناوە.

ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا تەنانەت لەمافی فێربوون و نووسینیش بێبەش کرابون، جاران بقەبوو ئەگەر کچان بچنە فێرگەو داوای زانست و زانیاری بکەن. بەڵام بۆ پیاوان رەواو پێویست بوو. خۆشەبەختانە ئێستا ژنان هەنگاوی بەرچاویان لەو بوارەدا هەڵێناوەتەوە، گەیشتوونەتە زانکۆ، پلەو پۆستی گەورەشیان وەدەست هێناوە. ئێستا ئەگەر یەکسان و بەرابەریش نەبن، بەڵام ژنانی پزیشک، ئەندازیار، مامۆستا، نووسەر، رۆژنامەوان، پەرلەمانتار و وەزیریش هەن، کەواتە زیرەکانە بەرەو وەدەستهێنانی مافەکانیان رێگەیان گرتووە. هەرچەندە کە کۆمەڵگە پر بە واتا بەچاوی یەکسانی لە ژنان و پیاوانی نەروانیوە، بەڵام دیسانیشەوە پێشکەوتنێکی بەرچاو وەدەست هاتووە. ئەگەر یەکسانی کارو مووچەش دەستەبەر نەبووبێ، بەڵام ژنان لەبواری فەرهەنگی و کولتوری دا شوێن پێی خۆیان کردۆتەوە.

ئەگەر ژنان لە وەدەستهێنانی بروانامە و پۆستەکانیشدا توانای خۆیان پێشان دابێ، بەڵام دیسانیشەوە لە بواری کۆمەڵایەتیدا لەیاشەوەن، چونکە تا ئێستاش هەر دەبێ پیاوان بچنە داخوازی کچان، هێشتا دایک و باوکان ئەو مافە بە کچەکانیان نادەن کە باسی هاوسەرگیری دەگەڵ کوڕێکدا بکەن، بەڵام بە شانازییەوە پێشوازی لە داوای کوڕەکەیان دەکەن ئەگەر کچێکیان بۆ ژیانی خۆیان دۆزیبێتەوەو دەستنیشانیان کردبێ. لە نێو خێزانەکانیشدا پیاوان حەرفی یەکەمن و ژنان دووەم، بۆ نموونە ئەگەر بێوەژن شوو بکاتەوە بە چاوی سووک سەیری دەکرێ، بەڵام بە ئازایەتی بۆ بێوەمێرد بە ئازایەتی دادەنرێ ئەگەر زوو ژن بهێنێتەوە. ئەمانەو دەیان نابەرابەری دیکە کە کاریگەری نەرێنیان لەسەر هزرو دەروونی ژنان داناوە، بۆیە ئێستا رێژەی نەخۆشی رەوانی لەلای ژنان دووبەرابەر رێژەی ئەو نەخۆشییە لەلای پیاوان. رۆژانەش ئەو رێژەیە بەرزتر دەبێتەوە. ئێستا دیاردەی جیابوونەوە( تەڵاق)، خۆکوژی، خۆسووتاندن، سەرهەڵگرتن، کوشتنی هاوسەر، کەم مەیلی بۆ شووکردن بەشێوەیەکی سەیر لە فراوان بوون دان. بۆیە دەبێ کۆمەڵگەی کوردەواری و دەستەڵاتی کوردستان بە کردەوە چاو بە مافە کۆمەڵایەتیەکانی ژنان دا بخشێنێتەوە، فەرهەنگ و مافی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان پەسند بکات. ئەگەر هەر وەکو پێشوو رۆڵی ژنان کەم بنرخێندرێ و وەکو ئامێر چاویان لێبکرێ زیانێکی گەورە بە کۆمەڵگە دەگات.

ژن و پیاو وەک دوو رەگەزی داهێنەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی شان بەشانی یەکتر لە بوارەکانی داهێنان و کارکردن و پێشکەوتن دا یەکسان نەکرێن کۆمەڵگەیەکی سالم و پێشکەوتوو دروست نابێ.

بەو پێیەی کە پەروەردەکردن و بەخێوکردنی چرۆکانی مرۆڤایەتی لە ئەستۆی ژنان دایە، دەبێ بواری فێربوون و رۆشنبیری و پێشکەوتنی زیاتریان بۆ برەخسێندرێ، دەبێ ژنان هەست بە ئارامی و نرخی مرۆڤبوونی خۆیان بکەن دەنا هەرگیز بە وێستگەی ئارامی و بێوەیی ناگەین. ئەگەر ژنان و پیاوان یەکسان نەبن، نیگای خۆ بەکەم زانین سەرهەڵدەدا، بێباوەری تەشەنە دەکات، بەوهۆیەشەوە کۆمەڵگەیەکی لەرزۆک و ساویلکە دروست دەبێ کە باوەر بە بوون و توانای خۆی ناکات.

بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی توانامەندمان هەبێ، با یەکسانی و وەکهەڤی پیرۆ بکەین.